# کەڤەرێکی تایبەت بە گالاکسی ٦




دوایین ڤێرژنی گەلاکسی سامسۆنگ کە بە گەلاکسی S6 ناسراوە، شوێنی دانانی کارت میمۆری نییە، چونکە میمۆری ناوخۆی ٦٤ هەتا ١٢٨ گێگابایتە، بەڕێوەبەرانی کۆمپانیای سامسۆنگ لەو بڕوایەدان ئەو قەوارەیە لە داگرتن و خەزن کردنی داتا بەسە و پێویست ناکات میمۆری بۆ دابندرێت، بەڵام لەم دواییە کۆمپانیایەك کەڤەرێکی تایبەتی بۆ گالاکسی S6 بەرهەم هێناوە کە نە تەنیا شوێنی دانانی میمۆری کارتی بۆ مۆبایلەکە زیاد کردووە بەڵکو باترییەکی زیادیشی داناوە کە دەتوانێت دوو قات شەحنی مۆبایلەکە زیاد بکات، تەنیا کێشەیەك کە کەڤەرەکە هەیبێت، ئەوەیە کە ناکرێت لە یەك کاتدا هەم لە شوێنی میمۆری و هەم لە باترییەکە سوود وەربگری.

# تەبلێت خەریکە شوێنی لاپتۆپ بگرێتەوە

لاپتۆپ بەتەواوی شوێنی کۆمپیوتەری سەر مێزی گرتەوە، ئێستا کۆمپیوتەری سەر مێز تەنیا لە نووسینگە و ئیدارەکان دەبیندرێن.. لاپتۆپ بوو بە کۆمپیوتەری تاکەکەسی.. بەدوای هاتنی تەبلێتیشدا پێدەچێ ئەو چیرۆکە بۆ لاپتۆپیش دووپات بێتەوە و تەبلێت لاپتۆپ لە مەیدانەکە دوور بخاتەوە.. ئەوەی کە هەتا ئێستاش نەبۆتە جێگرەوەی لاپتۆپ بوونی سیستەمی ئەندرۆیدە لە زۆربەی تەبلێتەکاندا کە لاپتۆپ پشتیوانی لەو سیستەمە ناکات، بەڵام کۆمپانیای تۆشیبا دوو تەبلێتی نوێی بەرهەم هێناوە کە هەردووکیان دە ئینجین و سیستەمی ویندۆز١٠یان لەسەرە. جۆری یەکەم بە encore ١٠ ناسراوە، تەبلێتی دووەم کە بە encore١٠k ناسراوە، کیبۆردی دەچێتە سەر و وەك لاپتۆپی لێدێت و باترییەکەی درەنگ دادەبەزێت بۆ خوێندکار و بازرگان و ڕۆژنامەنووسان زۆر گونجاوە..

هەردوو جۆرەکە کوالیتی نیشاندانیان full HDیە و ڕامەکەی ٤ گێگابایتە و هاردەکەی ٦٤ گێگابایتە.



# کاتژمێری هۆشمەند بۆ نابینایان



لەم چەند ساڵەدا کاتژمێرە سمارتەکان پەرەیان سەندووە. ئەو کاتژمێرانە هەر بەناو کاتژمێرن، ئەگینا چەندین ئەرکی گرنگ ئەنجام دەدەن، وەك وەڵامدانەوەی پێوەندییەکان، خوێندنەوەی ئیمێڵەکان، پرۆگرامەکانی تایبەت بە وەرزشکردن و کەمکردنەوەی کێش تاد. نابینایان ناتوانن وەك پێویست سوود لەو کاتژمێرانە وەربگرن، لەم دواییەدا کۆمپانیایەکی کۆری کاتژمێری هۆشمەندی بەناوی (DOT) بەرهەم هێناوە کەتایبەتە بە نابینایان، بەهۆی ئەم کاتژمێرەوە نابیناکان دەتوانن کتێبە دیجیتاڵییەکان بخوێننەوە، چونکە کتێبەکان بە خەتی برێل کە خەتی تایبەتی نابینایانە دەگۆڕدرێن.

# کورتەپەیام و ئیمێڵی بۆندار بنێرە!


جیهانی دیجیتاڵی ئەوەندەی گرنگی بە دەنگ و رەنگ داوە، ئەوەندە گرنگی بە بۆن نەداوە، ئێستا دەتوانی لە هەر شوێنێکی جیهان بی، فیلم و دەنگی خۆت بۆ هەر شوێنێکی دیکە بنێری، بەڵام ناکرێت بۆنی گوڵێك، یان تامی خواردنێك بەرێ بکەی. پێدەچێ رۆژێك دابێت چۆن وێنە بەرێ دەکرێت، بۆنیش بەرێ بکرێت. ئاماژەکانیش دیارن وەك ئامێری دیجیتاڵی SCENTEE کە ئامێرێکی زۆر بچووکە وەك دینگڵێك دەخرێتە سەر مۆبایل و سێ کارتریجی بچووکی لەسەرە، هەر کاتریجە و بۆنێکی تایبەتی لەخۆیدا هەڵگرتووە، وەك بۆنی قاوە، فراولە، گوڵێکی تایبەت. بەهۆی پرۆگرامێك کەلەسەر مۆبایلەکەیە. دەکرێت هەرکاتێك ئیمێڵێکت بۆ دێت، بۆنێك بێت، یان کاتێك کە لایکێك لە سەر بابەتەکەت لە فەیسبووك دەکرێت بۆنێك بڵاو دەبێتەوە. یان هەرکاتێك کورتەپەیامێکت بۆ بێت بۆنێکی دیکە بێت. پێشووتریش هەوڵی لەمبارە لە کتێبی دیجیتاڵی درابوو، بۆ نموونە چیرۆکی (گلدیلاك و سێ ورچەکە) کە هەر لاپەڕەیەك هەڵتدەدایەوە، بۆنی تایبەتی دیمەنەکە بڵاو دەبوویەوە.





## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز پرسیارێکی ئاراستە کردووین و دەپرسێت چۆن هێز و خێرایی وای-فای ئینتەرنێتەکەم بەرمە سەرێ؟
خوێنەری بەڕێز زۆر ڕێگا هەن بۆ بردنە سەری شەپۆلەکانی وای –فای.. یەکەم دەبێت دووری ئامێری وای فای لە ئامێرەکانی دیکــە زیاتــر نەبێت لە مەتر و نیوێك.. چونکــە لەوە زیاتر بێت خێرایی دادەبەزێت.. دووەم: ئەگــەر چەند ئامێرێك لەیەك کاتدا لە وای-فای ســوود وەربگرن ئەوە دەبێتە دابەزینی خێرایی، بۆیە فاســت لینك تەنیا بۆ دوو ئامێری یا سێ ئامێری داناوە.. سێیەم، ئەو ئامێرەی وای-فای دەنێرێ دەبێت لە شــوێنێکی بەرز بێت، نابێت هیچ بەربەســتێکی لە پێــش بێت.. زۆر جاران تەلەڤزیۆن، مایکرۆوێڤ، تەبلێتی منداڵان دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئاستی خێرایی وای-فای دابەزێت..




## مۆبایلێک بۆ هەموو هەلومەرجێک

لە پەنا مۆبایلە تەنك و ناسکەکاندا کە بە بچووکترین بەرکەوتن، یان بە گلاسێك ئاوێك دەبێت دەستی لێبشۆی، مۆبایلــی زۆر پتــەو و خۆراگر لە ئاســت بەرکەوتن هاتونەتە بەرهەم، نوێترین مۆبایلی خۆراگر لە بەرامبەر بەرکەوتن و کەوتنە ناو ئاو، مۆبایلی جۆری CAT S٤٠ە، ئەم مۆبایلە هی کۆمپانیــای کاتێر پیلەرە، کۆمپانیای ناوبراو کە بە کورتکراوەی CAT ناســراوە، هەوڵەکانی بۆ بەرهەمهێنانی ئەو مۆبایل و تەبلێتانە خستۆتە گەڕ کە بۆ هەموو هەلومەرجێك دەگونجێن.

مۆبایلی CAT S٤٠ لــە کەوتنە ناو ئاو تێکناچێت، تۆز و خــۆڵ ناگرێت. ئەگەر لە بینایەکی زۆر بەرزیش بکەوێتە خوار کێشەی بۆ نایەتە پێش. شاشەی مۆبایلەکە نزیکەی ٥ ئینجــە، رامەکەی گیگابایتێکە و میمۆری ناوخۆی ١٦ گێگابایتە. تایبەتمەند بەهێزەکانی مۆبایلەکە هەر ئەو خۆراگری و گونجان لە هەموو هەلومەرجێکدایە، ئەگینا لە بوارەکانی دیکە زۆر بەرز نییە.



## سپیکەرێکی تایبەت چەند ئەرک ئەنجام دەدات


ســپیکەری جۆری SPARK BLOCKS بڵندگۆیەکی «ماژولار»ە واتــە لە چەند بەش پێکهاتووە و بەشــەکان پێکەوە دەبەســترێنەوە و هەر بەشــەی ئەرکێکی تایبەت ئەنجام دەدات. یەکێك لە بەشەکان شاشــەیەکی بچووکی لەمســییە کە بەهۆیەوە دەکرێت وەڵامی پێوەندییەکان بدەیەوە. بەشەکانی دیکەش تایبەتن بە بردنەسەری کوالیتی دەنگ، شەحنکردنەوەی مۆبایلەکان، بەشێك کە بە پایسکیلەوە دەبەسترێتەوە و ڕێگا ڕووناك دەکاتەوە.




# سایتی فەرهەنگی ئۆنلاین

گەلێك سایت هەن کە تایبەتن بە فەرهەنگ و قاموس واتە دیکشنەری، سایت هەیە کە چەندین زمان لەخۆی دەگرێت و سایتی وەرگێڕانیش لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە گەلێکن.. سایتی www.perdic.com یەکێکە لەم سـایتانە، بەڵام جیاوازی ئەو لە سـایتەکانی دیکە ئەوەیە کە بەکارهێنەر خۆی دەتوانێ رۆڵی هەبێ لە دەوڵەمەندکردنی سـایتەکە، بۆ نموونە دەتوانێ مانای زێدەتری وشـەکان دابنێ، یان ئەگەر پێیوایە مانایەك هەڵەیە دەستنیشـانی بکات، یا ئەگەر پرسیارێکی هەیە سەبارەت بە مانای وشەیەك دەتوانی بپرسێ و لەماوەیەکی کورتدا وەڵامی بدرێتەوە.

# پرۆگرامێک بۆ گۆڕینی فایلی ئامێرە دیجیتالییەکان




چەند سـاڵێکە ئامێرێك بەناوی ئامێری دیجیتالی بۆ وەرگرتنی کەناڵە لۆکاڵییەکان لە هەرێمدا هەیە، زۆر لەو ئامێرانە توانای ئەوەیان هەیە فیلمەکان لەخۆیاندا تۆمار بکەن، بەڵام کێشەیەك هەیە ئەویش ئەوەیە فۆرماتی ئەو فیلمانە گەر بیانخەیە سەر DVD دەبێت بیگۆڕی بۆ فۆرماتێکی دیکە.

پرۆگرامی PAVTUBE HD VIDEO CONVERTER ئەو پرۆگرامەیە کە پشتیوانی لە فۆرماتی ئەو ئامێرانە دەکات دەیانگۆڕێـت بۆ ئەو فۆرماتەی کە مەبەسـتی بەکارهێنەرە، هەروەها دەکرێت لەکاتی سەیرکردنی فیلمدا لە شوێنی گونجاو وێنە بگری.



# نۆکیا و بەرهەمێکی دیجیتالی نوێ

سەردەمێك کۆمپانیای نۆکیا لە ریزی کۆمپانیا سەرکەوتووەکانی بواری بەرهەمهێنانی مۆبایل بوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە لەگەڵ سیستەمی رۆژ خۆی نەگونجاند و لەگەڵ رەوتەکە نەچۆ پێشەوە گرفتی گەورەی بۆ هاتە پێش، وای لێهات لە کۆمپانیایەکی پلە یەکەمەوە بەرەو سێیەم و چوارەم بکشێتەوە.

دوای ئەوەی بەشـی مۆبایلی بە کۆمپانیای مایکرۆسـۆفت فرۆشت، ئێستا خەریکی بەرهەمهێنانـی ئامێری دیکەیە، یەکێك لەو ئامێرە دیجیتالیانـە بەم دواییە نۆکیا بەرهەمی هێناوە، کامێرای OZOیە کە وێنە و فیلمەکان بە ٣٦٠ پلە تۆمار دەکات، واتە لە یەك کاتدا هەر چوار دەوری دیمەنەکە دەگرێت. کامێراکە لە شـێوەی تۆپێك دەچێت و هەشـت کامێرای و مایکی لەخۆیدا جێکردۆتەوە. بە جۆرێك لەهەر گۆشـەیەك وێنـە و فیلم هەڵدەگرێتەوە. دەتوانێت ئەو دیمەنەی فیلمی لێ هەڵدەگرێتەوە، لە یەك کاتدا لە رێگای هێدسـتێکەوە سـەیری بکەی. جگە لەوەی کە هەشت مایك کە لە کامێرای OZO داندراون، ئەو هەلە دەرەخسـێنن دەنگ بە شـێوەی سێ رەهەندی تۆمار بکەن. ئەم جۆرە دەنگ هەڵگرتنەوەیە وا دەکات کە شوێنی دەنگەکە لە دیمەنەکە بەتەواوی بزاندرێت.